# لیژنەی پێشوازی لە 8ی مارس ڕۆژی جیهانی ژنان پێکهات

لەهەردوو ڕۆژی 25و2007/2/26 بەئامادەبوونی ژمارەیەك لەژنان‌و نوێنەری ناوەندەدەکان و کۆمەڵێك هەڵسوڕاوی ژنان‌و پیاوانی یەکسانیخواز، پاش قسەوباس لەسەر چۆنێتی پێشوازی لە 8ی مارس‌و دیاری کردنی بەرنامەیەك بۆ چالاکیەکان بەم بۆنەیەوە، لیژنەکە لەشاری سلێمانی پێکهات.

لیژنەی پێشوازی لە 8ی مارس لەماوەی ڕۆژانی داهاتوو تا بەرواری 3/8 هەڵدەستێت بۆ بەرز ڕاگرتنی‌و یادکردنەوەی ئەو ڕۆژە، وە چەندین نمایش‌و چالاکی جۆراو جۆرمان خستوەتە بەرنامەی کاری خۆمانەوە، هەر لە ئەنجامدانی چالاکی هونەری و وەرزشی تادەگاتە بەستنی کۆڕو سمینارو ڕێپێوان‌و مەراسیم. بۆئەم مەبەستە بانگەوزای ژنان‌و سەرجەم هەڵسوڕاوانی بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان‌و پیاوان ئەکەین کە بەم لیژنەیەو بەم چالاکیە کۆمەڵایەتیانەوە پەیوەست بن‌و کارێك بکرێت کە8ی مارس بەرز ڕابگرین‌و دەنگدانەوەی سەراسەری ببێت لەکوردستاندا. وەهاوکات بانگەوازی سەرجەم لایەنگرانی مافەکانی ژنان‌و یەکسانیخوازان ئەکەین کە شێوازی گونجاوی خۆیان هاوکاری‌و کۆمەکی ئە لیژنەیە بکەن بۆ سەرخستنی کارەکانی.

بژی 8ی مارس ڕۆژی جیهانی ژن

**لیژنەی پێشوازی**

200/2/26